ئەی خودایە، هەرکەسێک کرایە کاربەدەست لەسەر کاروبارەکانی ئومەتەکەم، وتوند وتیژ بوو وکاری لە سەریان قورس کرد؛ تۆیش تۆڵەی لێبسێنە وکاری لەسەر قورس بکە، وهەرکەسێک کرایە کاربەدەست لەسەر کاروبارەکانی ئومەتەکەم، وسادە ونەرم ونیان بوو وکاری لە سەریان ئاسان کرد؛ تۆیش ڕەحمی پێبکە وکاری لەسەر ئاسان بکە

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت-دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لە ماڵەکەمدا دەیفەرموو: «ئەی خودایە، هەرکەسێک کرایە کاربەدەست لەسەر کاروبارەکانی ئومەتەکەم، وتوند وتیژ بوو وکاری لە سەریان قورس کرد؛ تۆیش تۆڵەی لێبسێنە وکاری لەسەر قورس بکە، وهەرکەسێک کرایە کاربەدەست لەسەر کاروبارەکانی ئومەتەکەم، وسادە ونەرم ونیان بوو وکاری لە سەریان ئاسان کرد؛ تۆیش ڕەحمی پێبکە وکاری لەسەر ئاسان بکە».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

ئەم فەرموودەیە مەزنی مەسەلەی فەرمانڕەوایی کردن ڕوونەدەکاتەوە، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نزای کرد بەوەی: کە هەرکەسێک بێتە بەرپرسیار وکاربەدەست بە سەر هەر کاروبارێک لە کاروبارەکانی ئەم ئومەتە وکارەکانیان لەسەر قورس بکات؛ ئەوا خوای گەورە کارەکانی لەسەر قورس بکات، وئەوەی بە دادپەروەری وڕەحمەت ونەرم ونیانی وئاسانی کارەکانیانی جێبەجێ کرد؛ ئەوا خوای گەورە لەسەر ئەمە پاداشتی دەداتەوە، وپاداشت لە ڕەگەزی کردەوەکانە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/4938